https://www.doi.org/10.31918/twejer.17mlc.4

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# جێپێیەکانی یادگەی پچڕپچڕ و دەسەڵاتی سۆز لە دیاریکردنی ناسنامەی زمانی دایکدا

(زمانی کوردی وەک نموونە)

پ. ی. د. ئاڤێستا کەمال مەحموود
زانکۆی سلێمانی- بەشی کوردی
avesta.mahmud@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم لێکـــۆڵینەوەیە بە ناونیشـــانی (جێپێکـــانی یـــادگەی پچڕپچـــڕ و دەسـەڵاتی سـۆز لە دیاریکردنی ناسنامەی زمانی دایکدا (زمانی کوردی وەک نموونە)) گرنگترین ئەو هۆکارانە دەخاتەڕوو، کە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبیـنن لە دەوڵەمەنـدکردن و گەشەسـەندنی زمـانی دایکـدا لە هـزری بەکارهێنەرانیدا، ئەمەش لە ڕێگەی بەهادارکردنی بنەماکانی زمانی دایک لای تاک، بۆ ئەمەش پڕۆسەکردنی زانیارییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە چەسپاندنی ئەو بنەمایانەدا، بەمەبەستی پتەوکردنی لێکۆڵینەوەکە مۆدێلی جێپێ بەکارهاتووە، کە بەوردی شیکاری چۆنێتیی هەڵگرتنی زانیارییەکان لە هـــزردا دەخـــاتەڕوو بە تـــایبەت ئەو زانیارییـــانەی لەگەڵ ســـۆزدا پێچـراونەتەوە یـاخود سـۆز دەچێتە پێکهاتەیـانەوە، چـونکە خـودی سـۆز هەژمـــوونێکی گەورە لەســـەر زانیـــاییە زمانییەکـــان لە زمـــانی دایکـــدا دروستدەکات.

**وشە کلیلییەکان:** یادگەی درێژخایان، یادگەی پچڕپچڕ، سۆز، بونیادی کۆزانیاریی، مۆدێلی جێپێ و ناسنامەی زمانی دایک.

## جێپێکانی یادگەی پچڕپچڕ و دەسەڵاتی سۆز لە دیاریکردنی ناسنامەی زمانی دایکدا

## (زمانی کوردی وەک نموونە)

### پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری زانستی زمانی دەروونیی و خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ سایکۆلۆجیای درکپێکردندایە و هەوڵدەدات زمانی دایک لە ڕوانگەی کارکردنی دەزگاگەرایانەی یادگەکانەوە هەڵبسەنگێنێت و بۆ ئەمەش چۆنێتیی کارکردنی یادگەی پچڕپچڕی کردووەتە ناوەند بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی سۆز لەسەرجەم ئەو کۆزانیارییانەی لە یادگەی کەسیدا هەڵدەگیرێت، واتا خۆی خەریکدەکات بە چۆنێتیی ئەزموونکردنی دونیا لە لایەن قسەکەرانەوە بەتایبەت لە ڕووی سۆزدارییەوە، چونکە ئەمان هەر بەو شێوەیەی لە زانیارییەکان تێدەگەن لە یادگەکانیشیاندا هەڵیدەگرن، بیریاندەکەوێتەوە و بەدەستیاندەهێننەوە، چونکە ئەو ئەزموونەی لە ڕێگەی سۆزەوە هەڵیدەگرن لە یادگەی پچڕپچڕدا جێپێکانیان تایبەتن و بەهێزتر بیردەکەونەوە.

قسەپێکەران دەتوانن پێکهاتەیەکی کۆزانیاریی ئاڵۆزی سۆزداری لەسەر خۆیان و ئەوانەی دەوروبەریان نیشانبدەن، ئەمەش دواتر گرنگیی خۆی هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، توانستی ئەکادیمی و هزرییان، هەربۆیە ئاوەزداریان جۆرەها ستراتیژییەت دەگرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتی بەیەکەوەبەستنی کۆزانیارییەکانیان و دیاریکردنی بەهاداری و کەمبەهایی بابەتەکان لەوانەش زمانی دایک
.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات لەسێ تەوەرەوە وەڵامی پرسیارەکانی ناونیشانەکە بداتەوە:


١. یادگەی پچڕپچڕ چییە؟

٢. سۆز لە چێوەی کۆزانیاریی ناو یادگەی پچڕپچڕدا.

٣. جێپێکانی یادگەی پچڕپچڕ و سۆز لە دیاریکردنی ناسنامەی زمانی دایکدا.

**١- یادگەی پچڕپچڕ ( چەمک و تێڕوانین )**

مرۆڤ لە ڕێگەی یادگەکانەوە ژیانی خۆی ڕێکدەخات، چونکە بەهۆی ئەمانەوە پرۆسەکردنی زانیارییە بێسنوورەکان چارەسەردەکرێن لە هەرسێ پرۆسەی ( کۆدکردن، گەنج_هەڵگرتن، بەدەستهێنانەوە) و هەریەکێک لەم پرۆسانە گرفتی تێبکەوێت، کەسی تووشهاتوو وەک ئارێشەدارێکی زمانی کۆمەڵایەتی دەروونی) بە چەشنی جۆراوجۆر ئەژماردەکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چۆنێتیی میکانیزمی دابەشبوونی ئەم سێ پرۆسەیە بەسەر هەرسێ یادگەکەدا بە پێی (جۆری زانیاری، خایاندن، سەرنجدان و بەها)ی زانیارییەکە دەگۆڕێن، بە واتایەکی تر پێکەوە کارکردنێکی چڕ و نەبڕاوە و تا ڕادەیەکیش بێسنوور لە نێوان هەرسێ یادگەکەدا هەیە بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی چالاکانەی سێ پرۆسەی ئاماژە پێدراو، لەلایەکی ترەوە بە پێی جۆری زانیارییەکان یادگەکان دابەشدەبن بەسەر ئەو تایبەتییانەی، کە زانیارییەکانی ناویان هەڵیانگرتووە .




هێڵکاریی (١) بڕوانە ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٢)

وەک لە هێڵکاریی (١)دا ئاماژەمان پێدا یادگەی درێژخایان دابەشدەبێت بەسەر چەند جۆرێک یادگەدا، کە ئەوانیش بریتین لە (یادگەی ئاشکرا) و (یادگەی نائاشکرا)، کە ئەمیش (یادگەی ئیجرائاتی) لەخۆدەگرێت و یادگەی ئاشکراش دابەشدەبێت بۆ (یادگەی سیمانتیکی و یادگەی پچڕپچڕ) و جەختی ئەم لێکۆلینەوەیە پەیوەست بە زمانی دایکەوە لەسەر یادگەی پچڕپچڕە.

## ١-١- ڕەهەندی سایکۆ_درکپێکردنی یادگەی پچڕپچڕ

یادگەی پچڕپچڕ یارمەتی تاک دەدات، کە ڕووداوەکانی پێشووی ژیانی سەرلەنوێ کۆبکاتەوە و هەر لەبەرئەمەشە بە یادگەی کەسیش ناودەبرێت Autobiographical memory چونکە زانیارییە کەسییەکان وەک جۆرێک لە ئەرکی یادگە جێبەجێدەکات، هەر بۆ ئەمەش زانیاری و بابەتە کەسییەکان بە چەند شێوەیەک لە پرۆسەی درکپێکردندا بۆ

بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان (لێرەدا مەبەست لە زانیارییە زمانییەکان)ە کاردەکەن لەوانەش:

١. بانگکردنەوەی ئازاد: بانگکردنەوەی زانیارییەکانە بەبێ گوێدانە ڕیزبەندی هەڵگرتنی زانیارییەکان.

٢. بانگکردنەوەی زنجیرەی: بانگکردنەوەیە بەهۆی ڕیزبەندیی زانیارییەکانەوە.

٣. ئاماژەی بانگکردنەوە: بەهۆی کاتیگۆرییەوە یاخود بەهۆی کێش و سەرواوە.

٤. هەڵبژاردەی ئازاد: لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاماژەکانی ( بەڵی و نەخێرە)ەوە و ئەرکی ناسینەوە دەبینێت.

٥. هەڵبژاردەی لە بری: یان X یان Y هەڵبژێرە.

هەروەها ئەم یادگەیە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ یادگەی سیمانتیکیدا و لەوەوە بونیادی چەمکە گشتییەکان وەردەگرێت و بە شێوەیەکی ئاگایانە یاخود نائاگایانە هەڵیاندەگرێت. تولڤینگ و دۆنالدسۆن (Tulving , E. and Donaldson , W, 1972: 381-403)دەڵێن "ئەم دوو یادگەیە بونیادێکی باڵای تۆڕی چەمکیی وشە و وێنەین، کە دەتوانن بەیەکدا بچن و کارلێکبکەن بەمەبەستی هێنانەوەی ئەزموونە باو و تاکگەراییەکان"، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دوو یادگەیە لەیەک جیاوازن بۆ نموونە:

١. جیاوازن لە تایبەتمەندیی زانیارییە هەڵگیراوەکاندا هەرچەندە جۆرەکەشیان درێژخایان بێت.

٢. جۆری ڕووداو ڕەچاودەکرێت لە کاتی تێکردنی هێما و جفرەکاندا.

٣. هەلـــومەرج و بەدواییەکـــداهاتن و بەدەســـتهێنانەوەی ئەگەرێتـــی زانیارییەکان لەیەکیان جیادەکاتەوە.

٤. لەکـاتی ئامـاژەدان و پشتبەسـتن بە کۆگـای زانیارییەکـان هەردوو پێـڕەوەکە پێکەوە کـاردەکەن، بەڵام ڕەنـگە فراوانبـوونی کۆگـاکە پشـت بە یەکێکیان ببەستێت بۆ نموونە پەیوەست بە زمـانەوە زانیـارییە زمانییەکـان و ڕێزمـان لە یـادگەی سـیمانتیکیدایە، بەڵام توانـای ڕەوانـی و سـەلیقەی زمـانیی  کەسـێک لە ڕێگەی ئەزمـوونی خوێنـدن و خوێنـدنەوەی خـۆیەوە دەچێتە یادگەی پچڕپچڕەوە.

ئەو بیـــرەوەری و یادگارییـــانەی پشـــت بە زانیـــاریی کـــۆکراوەی پچڕپچـڕی کتـوپڕی نێـو ژیـانی تـاکەکەس دەبەسـتن و بە جـۆرێکیش لە جۆرەکان بنەماکەی ئاوێتەیەکی پچڕاو لە گشتە واتە ئەزمـوونی کەسـییە و بابەتی نییە و تەنانەت گەر لە کۆمەڵیشدا ڕوویدابێت مۆرکی تاکگەرایانەی پێوەیە و لە کاتێکی دیاریکراو و شوێنێکی تایبەتدا بۆ تاک و لەسەر تاک و بەسـەر تاکدا ڕوودەدات، هەر لەبەر ئەمەشـە کۆنـوەی و پلەیـدیل (٢٠٠٠) Conway & Pleydellپێشـنیازی ئەوەیـانکردووە، کە "یـادگەی پچڕپچڕ پشتدەبەستێت بە پێرەوی یادگەی خـودی Self –Memory System) (SMS و کە ئەمیش چەمک و کردەی داڕشتەکانیان لە کۆزانیاریی کەسی و کارکردنی خودییەوە وەردەگرن. "

یـادگەی پچڕپچـڕ (یـادگەی کەسـی) پشـت بە دوو بنەمـای سـەرەکی دەبەسـتێت لە لێکـدانەوە و پـۆلکردنی ئەزموونەکانـدا ئەوانـیش بـریتین لە: یەکەم (بنچینەی کۆزانیاریی کەسی)، کە جەخت لەسەر کۆزانیـاریی کەسـی دەکـاتەوە و پرسـیار لەســەر خـود دەکـات وەک ( خــود چیـیە؟، خــود

چیبووه؟، خود دەبێت چی بکات؟ و خود چی لێدێت؟) هەر بۆیەش پۆلێنی خود دابەشدەبێت بۆ (قۆناغەکانی ژیان، ڕووداوە گشتییەکان و ڕووداوە تایبەتەکان)، دووهەم بریتییە لە کارکردنی خودی واتە پەیوەندی بە دیاریکردنی ئامانج، وێناکانی بۆ ژیانی خۆی و هیواکانی تاکەوە هەیە، هەر بۆیە جێبەجێکارییەکانی هەڵگرتن لە ئەم یادگەیەدا بەسەر چەند جۆرێک ئەرکدا دابەشدەبێت لەوانە:

١. ئەرکی هەڵگرتنی زانیاریی کەسی و خودی وەک ( ناوت چییە؟ لەکوێ لەدایکبوویت؟ ناوی دایکوباوکت چییە؟ ....هتد)

٢. ئەرکی کۆپیکردنەوەی ئەو بابەتانەی ڕوویانداوە وەک خۆیان و دووبارەکردنەوەیان لە ژیانی داهاتوو قۆناغەکانی داهاتوودا.

٣. ئەرکی بونیادنانەوەی بابەتەکان بۆ ئەو ناوەرۆک و کرۆکانەی، کە بەمەبەست قسەکەر بەرهەمی هێناون یاخود بونیادنانی ئەزموونی نوێ لەسەر ئەزموونە کۆنەکان.

٤. ئەرکی جیاکردنەوەی بابەت و ئەزموونە گشتییەکان لە بابەتە گشتگیرەکان.

٥. ئەرکی دیاریکردنی بابەتە پۆلکراوەکان، کە ئەمانیش خۆیان لە ساتی یەکەمی پەیپێبردنەکاندا دەبیننەوە واتا دیاریکردنی ئەو بابەتانەیە، کە پێشتر وەرگر پێیان ئاشنایە بەمەش ئەم کایەیە دەبێتە ڕەهەندێکی ناوەکی و پەیوەندیی بە بڕی ئەو زانیاریانەوە هەیە، کە وەرگر هەیەتی و لە ئەرک و پۆلکردنەکەدا بەکاریاندەهێنێت.

٦. ئەرکی چاوەڕوانی و چاوەڕوانی لێکردن، کە خۆی لەو پەیوەندییانەدا دەبینێتەوە، کە وەرگر چاوەڕێی دەکات لەوانی دیکە.

٧. ئەركی خۆگونجاندن لەڕێگەی بەكارهێنانی لێهاتووییە كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆجییەكانەوە.

لایەنی كۆمەڵایەتی و تێكەڵبوونی ناو كۆمەڵ كاریگەریی توونیدیان هەیە لەسەر ئەم یادگەیە و بەدەستهێنانەوەی زانیارییەكانی، چونكە تاك لە ناو كۆمەڵدا ئەزموونە دەروونییە_كۆمەڵایەتییەكانی ئەنجامدەدات و بۆ ئەمەش پێناسەی كەسایەتی دەبێتە جۆرێک لە پێناسەكانی ئەم یادگەیە، لەلایەكی ترەوە لایەنی سۆزداری دەسەڵاتدەگرێت بەسەر ئەم یادگەیەدا و ئاڕاستەی پێناسەی كەسی و زانیارییە تایبەتەكانی ئەزموونە تاكگەرایانەكان دەكات بەمەش سۆز كاریگەریی پتەوی دەبێت لەسەر تۆماركردن، بیركەوتنەوە و بەدەستهێنانەوەی یادەوەرییەكان، چونكە ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە سۆزەوە زیاتر چالاكدەكرێن و زیاتر سەرنجیان لەسەرە.

### ١-٢- ڕەهەندی بایەلۆژیی یادگەی پچڕپچڕ

یادگەی پچڕپچڕ پێڕەوێكی دەماری دركپێكراویش بۆ ئەو چەشنە زانیاریانە دەناسێنێت، كە ڕۆژانە مرۆڤەكان ڕووبەڕووی دەبنەوە و هەوڵدەدات لە ڕێگەی شیكردنەوەی چۆنێتیی كاركردن و شوێنی ئەم یادگەیە هەم جێكەوتەی هزری مرۆڤ دیاریبكات و هەم چارەسەر بۆ ئاریشەدارانی لەبیرچوونەوەamnesia (كە ئەمانیش جۆریان زۆرە لە گرنگترینیان Retrograde amnesia Anterograde amnesia ) بدۆزێتەوە، هەروەك(1993) Tulving, E دەڵێت" پێڕەوێكی یادگەیی دەماریی دركپێكراوە و یارمەتی تاكەكان دەدات بابەتە تایبەتییەكانیان بیربكەوێتەوە. "

بنچینەی کۆزانیاریی یادگەی کەسی لە کارکردنی کۆمەڵێک تۆڕ پێکهاتووە، کە لە پلی پێشەوە، لاجانە پل و پشتەپلدایە و زۆربەی کارە ئەبستراکتەکانی لە پلی پێشەوە و لاجانەپلدا دادەڕێژرێن و وەرگرتنی هەستی و پەیپێبردن لە تۆڕەکانی پشتە پلدان لەگەڵ لاجانە پل و زیاتر هەژموونی لای ڕاستی مێشک دەستی بەسەردا دەگرێت، بەڵام هێنانەوەی زانیارییەکان بەهۆی لای چەپی تۆڕە دەمارییەکانی مێشکەوە دەبێت بەتایبەت چرچولۆچی سەرەوەی پێشەوەی ناوچەوانەپل و چرچولۆچی ژێرەوەی پشتەوەی ناوچەوانە پل.

هەژموونی گشتیی (Domain-General) کە بریتین لە سەرنجدان و یادەوەرییەکان یارمەتی چالاکبوونەوەی تەرزی هەژموونی تایبەتی (Domain-Specific)دەدەن و گرنگترین هەژموونی تایبەتیش لەم یادگەیەدا بریتییە لە سۆز و پرۆسەکانی پەیپێبردن.

## ٢- سۆز لە چێوەی کۆزانیاریی ناو یادگەی پچڕپچڕدا

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا یادگەی پچڕپچڕ یاخود یادگەی کەسی هەڵگری زانیارییە تایبەتەکانە، کە تاکێک لە تاکێکی تر جیادەکاتەوە بە هەموو وردەکارییە ناوەکیی و دەرەکییەکانییەوە، یەکێک لە گرنگترین ئەو دیاردە و پرۆسانەی لەم یادگەیەدا وەک بارێکی خودی ڕوودەدات و هەڵوێستی تاک لەبارەی ڕووداوەکان دیاریدەکان پاشان لەوەشەوە کۆمەڵێک زنجیرە ڕووداو بەدوای خۆیدا دەهێنێت بریتییە لە سۆز (emotion)، کە ئەم ڕەهەندە پانتاییەکی فراوانی لە یادگەی کەسیدا داگیرکردووە و وەک پێرەوێکی درکپێکردن، ناسینەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ تێکردەکاندا دەناسرێت.

## ٢-١- سۆز و بونیادی کۆزانیاری

ویلی جەیمز (١٨٩٠) While James پێی وایە " سۆز کاریگەری لەسەر دروستکردنی ئەزموون لە یادەوەریدا هەیە و پێی وایە نیشانەکانیشی لەسەر مێشک بەجێدەهێلێت " هەروەها جانێت (١٨٨٩) Janet وەها پێناسەی سۆز دەکات، کە " ئەوانەی توشی شۆک دەبن کاریگەری لەسەر یادگەی کەسییان دروست دەبێت " لە کاتێکدا فرۆید (١٩١٠) دەڵێت سۆزە نێگێتیڤەکان کاریگەری بەهێزیان هەیە و وادەکەن باش دەستمان بە فاکەڵتی ئاگا نەگات"، لە ساڵی ١٩١٩ لازرۆLazaru و ١٩٣٣ مەییر Meyer پێیان وابوو وشەی سۆز وشەیەکی نازانستییە، بەڵام دواتر بەکارهێنانی وشەکە پەرەی سەند و قاڵبێکی زانستی لە سایکۆلۆژیای بەراوردکاریدا بە خۆیەوە بینی بەتایبەت کاتێک باس لە کەیسەکانی (شەڕ، ئەشکەنجەدان و لاقەکردنی منداڵان) کرا.

بە گشتی چەند لایەنێکی بایەلۆژیش کار لەسەر دروستبوونی سۆز دەکات لە گرنگترین ئەو لایەنانە:

١. تێکچڕژانی ڕۆڵی ئەمیگدالا Amygdala، پەیوەندییەکی تەواو هەیە لە نێوان چالاکییەکانی ئەو بەشەی مێشک لەگەڵ دەرخستنی سۆزدا پاشان دیاریکردنی یادەوەری لە یادگەکاندا و هەر بەرکەوتنێک لەم بەشەدا گرفت لە یادگە و سۆزیشدا دروستدەکات، بەڵام ئەم بەشەی مێشک تەواو دەستناگرێت بەسەر سۆز لە یادگەکاندا بۆ نموونە کێشەی ئەم بەشەی مێشک وادەکات کەسەکان نازانن چۆن سەرنجبدەن و جۆری سۆزی خۆیان بۆ ئەو یادەوەرییە دیاریبکەن واتە سەرکەوتوو نابن لە دیاریکردنی جۆر و بڕی سۆزەکەدا بەمەش ناتوانن هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر ئەو ڕووداو و زانیارییانە دیاریبکەن هەرچەندە ئەو یادەوەرییە کەسیش بێت و بە توندی پێیانەوە پەیوەستبێت .

٢. کیمیای خوێن، کە لە چەند شوێنێکی مێشکەوە هاندەدرێت لەکاتی دەربــــڕین و ئەزمـــوونکردنی بــــابەتێکی ســــۆزدا، ئەمـــانەش یـــان ڕێگری Impairs Memory یان گەشەسەندنی Promotes Memory یادەوەرییەکانی ناو یادگە دروستدەکەن.

ریبنسـون و سوانسـۆن (Ribnson,J. & Swanson ,K, 2011) ئەوەیـان ڕوونکـردووەتەوە، کە بە پێی کـات دەستپێداگەیشـتنەوەی یـادگەی پچڕپچـڕ گرانتـر دەبێـت و بەبەکارهێنـانی یـادگەی سـیمانتیکی و ســۆزەکانی ڕابــردوو تــاک دەتوانێــت جێپێــی زانیــارییە کەســییەکانی زیادبکات.

**٢-٢- میکانیزمەکانی کارکردنی سۆز پەیوەست بە یادگەی کەسییەوە**

لەناو یادگەی کەسیدا ڕووداوی زۆر هەن، کە لەسەر بنەمای (کات، شـوێن، کەس و بـابەت) بەیەکەوە بەسـتراون، بەڵام ئەم پێکەوە بەسـتنانە بەندەکانی نێوانیان لاواز دەبێ ئەگەر هەستکردن بە ئینتیما و سۆزدارییان لەگەڵدا نەبێت، هەر ئەمەشە وا دەکات تاکەکان بتوانن پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ســـۆزداری کۆزانیارییەکانیــان لەســـەرخۆیان و ئەوانەی دەروبەریـــان نیشـانبدەن، کە دواتـر کـاریگەریی گرنگـی لەســەر ژیـانی کـۆمەڵایەتی و توانســتی ئەکادیمیــان هەیە، چـونکە بە پێــی (ســالمون و کــۆنرۆی) (Salmon,K.&Conroy,R., 2009) هەموو جۆرە ئەزمـوونێکی سۆز و تاکگەرایانە ڕێگە خۆشکەرە بۆ گەشەکردنی یادگەی کەسـیی، بە واتـایەکی تـر دەزگـاگەرایی و هاوبەشـێتی نێـوان سـۆز و یادگەکـان دەبێـتە هـۆی گەشەسـەندنی تێگەیشـتن و هەڵسـەنگاندن، چـونکە بەهۆیـانەوە ئـاوەزداری چەنـدەها سـتراتیژییەت دەگـرێتەبەر بـۆ هەڵکردن لەگەڵ ئەو ئەزموونـانەی تاکەکە پێیدا تێپەڕیووە بە شێوەیەکی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی.

هـۆڵمز (١٩٩٠) Holmes پێـی وایە، یـادگەی کەسـیی هـایلایتی کاریگەری و هەڵچوونەکان دەکات بەمەبەستی ئەوەی شتە کەسییەکانمان زیاتر بیربکەوێتەوە هەروەهـا بە پێی (پلیدیل و پییرس) (Conway & Pleydell - Pearce, 2000) داتـا کەسـییەکان لەگەڵ پێـڕەوی یادەوەرییە خودییەکانSelf-Memory System ڕوودەدەن، کە ئەمیش هەردوو کـارکردنی خـودیworking self و بنچینـەی کۆزانیـارییە کەسییەکانAutobiographical Knowledge base لەخۆدەگرن، کە یەکەمیـان هەڕەمێکـی ئـاڵۆزی چـالاکی ئامـانجە تـایبەتە کەسـییەکانە و دووهەمیشیان هەموو ئەو کۆزانیارییانە لەخۆدەگرێت، کە لە ژێر زاراوەی (تـایبەتی)دا هەڵگیـراون وەک) قۆناغەکـانی تەمەن، یـادەوەرییە هەستییە- پەیپێبـراوە پچڕپچڕەکـان (Sensory-perceptual episodic memory) هەمووشـیان پـێکەوە بە دروسـتەی کۆزانیـارییەوە بەستراونەتەوە.

یـادەوەرییە کەسـییە تایبەتەکـان بە چەمکـدەکرێن وەک تەرزی چـالاککراوی سـۆز و بنچینـەی کۆزانیـاری پاشـان جـۆری ئەو سـۆزە هەڵگیـراوەی لەگەڵ کۆزانیـارییەکەدا هەڵگیـراوە و بەچەمککـراوە (ئەرێنـی بێـت یـاخود نەرێنـی) بـڕی چەسـپاوی و بەدەسـتهێنانەوە زانیارییەکـان دیاریدەکات لە سنووری ستراتیژیەتی خۆگونجاندنی تاکەکاندا، بۆ نموونە گرنگیدان بە زمانی دووهەم لە بری زمانی یەکەم خۆگونجاندنێکی نەرێنی بـۆ زمـانی دایـک لە ڕووی سـۆزەوە دەنەخشـێنێت بەمەش زمـانی دایـک (مەبەسـت زمـانی کـوردییە) یەکێـک لە سـتراتیژەکانی خۆگونجانـدنی بـۆ بەکاردێت وەک(ڕقلێبوونەوە، فەرامۆشکردن، پشتگوێخستن، بێزرخبوون)، لەم پنتەشـەوە و پەیوەست بە زمـانەوە مـامەڵەکردنی زمـانی کـوردی بەم شێوەیەی ئێستا کاردەکاتە سـەر یادگەی کەسی و ئەرکدارییە سۆزییە- کۆمەڵایەتییەکـــان و نەوەکـــانی داهـــاتوو خۆیـــان بەدووردەگـــرن و

وەڵامدانەوەیان بەهێزنابێت بۆ زمانەکەیان، بنەمای ئەم گریمانەیەشمان پشتی بە چەند بەڵگەیەک بەستووە لەوانە:

١. بەخشین و پێدانی کۆد و ئاماژەی نەرێنی بە خود سەبارەت بە زمانەکەی.

٢. بەشداریکردنی کارێکتەر و سۆزی نەرێنی لە نێوان هاوزمانانندا سەبارەت بە زمانەکەیان.

٣. هەستکردنی قسەپێکەرانی زمانەکە بە تێپەڕین بە تاقیکردنەوەی زمانەکەیانندا و دیاریکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بە گەشەکردنی زمانی دووهەم (زمانی ئینگلیزی) و پەراوێزخستنی زمانی دایک(زمانی کوردی).

٤. وەستان لە بیرکردنەوەی ئەرێنی لەبارەی زمانی دایک (زمانی کوردی) وادەکات خودی زمانەکە جێی بایەخ نەمێنێت و یادگەی سۆزیش بیریبچێتەوە.

بە پێی(Williams,H.Conway,M.&Cohen,G, 2008) (سۆز) لە پرۆسەکردنی یادگەی کەسیدا و لە پرۆسەکردنی زانیارییەکاندا بە سێ میکانیزم کاردەکات:

١. **هەڵاوێرکردنی سەرنجدان:** ئەوەی سۆز دەیوروژێنێت لە هەڵگرتنی زانیاریدا وردەکارییەکانی زیاترە لە زانیارییە بێلایەنەکان، وەک زمانی دایک و بەستنەوەی بە سۆزی دایکایەتییەوە و هەڵگرتنی پیرۆزییەکەی جیاوازی دەکات لە زانیارییەکانی زمانی دووهەم، کە ئەمەی دووهەمیان زیاتر دەبێت وەک زانیارییەکی بێلایەن دەربکەوێت، هەرچەندە لە ئێستای زمانی کوردیدا ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بووەتەوە و سۆز زیاتر ئاڕاستی

زمـانی دووهەم (زمـانی ئینگلیـزی) کـراوە، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی گرنگـی بابەتەکە وایلێدەکات وردەکارییەکانی لە پرۆسەکردنی زانیارییەکاندا زیـاتر بەدەستبهێنرێنەوە.

**٢. پرۆســـەکردنی گرنگتـــرین:** پەیوەنـــدی بە جەختکـــردنەوەوە و چاولێنەتروکاندنەوە (مەبەست لەم زاراوەیە پەرتەوازنەبوونی سـەرنجدانە) هەیە، کە پێشـی دەگوترێت تروکاندنی سـەرنجدان Attentional Blink واتە جەختکـردنەوە لەسـەر زمـانی دووهەم لە ئێسـتای زمـانی کوردیـدا و نەتروکاندنی سەرنجدان لێی لە هەموو بوارەکاندا.

یـــادگەی کەســـی لە ڕاســـتیدا ئێجگـــار ئـــاڵۆزە و بەردەوام خـــۆی بەرهەمـدەهێنێت لە ڕێگەی پەیوەنـدییە کەسـییەکان و ئامـاژە سـۆزدارییە تاکگەراییەکـــانەوە هەروەهـــا لە ڕێـــگەی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــانەوە جارێکی تر لەگەڵ بونیادی سۆزداریدا تێکەڵدەبێتەوە.

### ٣- جێپێکانی یادگەی سۆز لە دیاریکردنی ناسنامەی زمانی دایکدا

بنچینەی کۆزانیـاریی کەسـی لە یـادگەی پچڕپچـڕدا سـەنگێکی گەورە دەبەخشـێتە سـۆز و میکانیزمەکانی بنەمـای جیـابوونەوەی زانیارییەکـان و پۆلێنکردنیـان لە یادگەی پچڕپچـڕدا، چـونکە یـادەوەرییە سـۆزدارییەکان وا دەکەن هێمـا و کـۆدە (پەیپێبراوەکـان لە کەناڵەکـانی هەسـتەوە) بە باشـی بیـربێنەوە، لەلایەکـی تریشـــەوە زانیـارییە سـۆزدارییەکان بەلەســـەرخۆیی پرۆســەی لەبیرچوونەوەیــان بەســـەردێت و بـابەتە بێلایەنەکــان لە ســۆز زووتـر بیـردەچنەوە، هەرئەمەشـە وادەکـات زانیـاریی کەسـی تـێکەڵاو بە سـۆزی بەهێز گرانتـر بیـربچیتەوە و ئەم بـابەتە بـۆ زمـان و پێگەگەی، کە بۆی تەرخاندەکرێت لە هزردا گونجاو بێت.

### ٣-١- جیاکەرەوە زمانییەکان لە نێوان زمانی دایک و زمانی دووهەمدا

پەیوەســـت بە زانیـــارییە زمانییەکـــانەوە هەرچەنـــدە لە یـــادگەی سیمانتیکیدا هەڵدەگیرێن وەک ڕێزمان و فەرهەنگ، بەڵام لە هەمانکاتیشدا یادگەی پچڕپچڕیش لەگەڵیدا کاردەکات بەتایبەت لەو لایەنەوە، کە سۆزی قسەپێکەری زمانەکە دیاریدەکات بەرانبەر زمانەکە و وایلێدەکات پێڕەوی درکپێکردن و ئەزموونە تایبەتییەکانی ئاراستە بکات.

نۆبۆتا و سیگنسالەر (Nobui Ohta , B. & Siegenthaler,A, 2006) دەڵێن "بابەتەکان (بە تایبەت زانیارییە زمانییەکان) پەیوەست بە سۆزەوە لەناو یادگەدا جێی بەجێدەهێڵن و بە شێوەیەکی لەخۆوەی پەیوەنـــدییەکانیان بەپێـــی زۆری و کەمـــی لایەنـــی ســـۆزدارییەکەیان ڕێکدەخەن، بۆ ئەمەش دوو چەشن پەیوەندی دیاریکراوە: ١. پەیوەندییە نێوەندگیرییەکان ٢. پەیوەندییە کاتییەکان ( دواتر لە لە مۆدێلی لێکدانەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا چەشنی دووهەمیان بە (پەیوەندییە دراوسێیەتییەکان) ناودەبرێت)."

(Harris , C., Gleson,J. and Aycicegi,A, 2006: 257-311) ئەو ڕێگایانەی، کە سۆز دەبەستنەوە و دیاریدەکەن بە ناوەکیی بوونی زمانەوە بەم شێوەیە:

- زمانی دایک زیاتر سۆزدارانەیە بەدەر لە هەموو زمانەکانی تر.

- تەمەنی زمانپژاندن گرنگە بۆ دەرخستنی سۆزداری زمانیی.

- ئەو زمـانەی پســپۆڕی زیـاتری لەبـارەوە هەیە ســۆزهەڵگرترە و کاتێک توانای زمانیی زمانێک زیاتردەبێت سۆزداری بۆی زیاتر دەبێت بەمەش هێزی سۆز زیاددەکات.

بەڵگەکان لەسەر پتەوی، مانەوە و خۆڕاگرتنی زمانی کوردی پەیوەست بەمامەڵەکردنی سۆزدارانەی قسەپێکەرانی (تا ئێستا) زۆرن لە گرنگترینیان:

**١. بەکارهێنانی دەستەواژە و وشە تابووەکان:** بەکارهێنانی تابووە زمانییەکان بە شێوەیەکی بەهێز بەڵگەیە لەسەر سۆزداری بەرانبەر زمانی بەکارهێنراو، چونکە وشە تابووەکان هەڵگری چەندین بارگەی سۆزدارین لە هۆش و نەستی تاکەکان و دەردراوی تێڕوانینی تاک و کۆمەڵن لەسەر بابەتە تابووەکان ئەمەش بەو واتایە دێت، کە تاچەند وشە و دەربڕاوە تابووەکان لەسەر ڕەفتار و دونیابینی بەبەهێزی کاریگەری دروستبکەن ئەوەندە زمانەکە سەرکەوتوو بووە لە گەیاندنی ئەو هەستەی تاک دەیەوێت لەبارەی ئەو بابەتە بیگەیەنێت و لە بەرانبەریشدا کاردانەوە و تێگەیشتنی بەهێزی گوێگر جێگە و بڕی دەست بەسەراگرتنی زمانەکە بەسەر هزریدا دەردەکەوێت، چونکە ئەم کار و کاردانەوەیە دەبنە ڕەنگدانەوە و دەرخستنی ئەوەی چۆن وشە هەستییە زمانییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستکردنی سۆز لە یادگەی پچڕپچڕدا، ئەمەش لە ڕێگەی:

أ. پەیوەندی لە نێوان هاندەرە سۆزییەکان و زانیارییە ناوەکییە زمانییە تایبەتەکاندا هەیە سەرباری زانیارییە گشتییەکان.

ب. پەیوەندی لە نێوان هاندەرە سۆزییە تایبەتەکان و دیاریکردنی پێگەی زماندا هەیە.

پەیوەست بەمەشەوە (Harris, C.L., Gleason, J.B., & Aycicegi, A, 2006) تاقیکردنەوەی وەڵامدانەوەی خۆگونجاندنی پێست (Skin Conductance response)ی کردووە لەسەر کۆمەڵێک

جووت_زمان بۆ ئەوەی نیشانیبدەن، کە تا چ ڕادەیەک دەربڕاوە هەستییە زمانییەکـــانی زمـــانی دووهەم جێـــی بە دەربڕاوەکـــانی زمـــانی دایـــک شلۆقکردووە و ڕادەی کەمی کاردانەوەی پێست بۆ دەربڕاوە هەستییە تابووەکان لە زمانی دایکدا ڕادەی لەدەستدانی زمانەکە دەگەیەنێت .

**٢. وەڵامدانەوەی میتافۆر:** میتافۆرەکان دەبنە هۆی گەیاندنی واتای چڕ و چەمکی ئاڵۆز بەهۆی دروستکردنی ڕێڕەوی نوێ بۆ زانیارییەکان و هەڵێنجاندنی واتا کاریگەرەکان، هەربۆیە لە پڕۆسەکردنی زماندا تەنها وشەکان نین، کە ڕەفتاری سۆزداری و یادەوەری کەسی دیاریدەکەن بەرانبەر زمانێکی تایبەت، بەڵکو میتافۆرەکانیش هەمان کاردەکەن و هەستی (ئەرێنی یان نەرێنی) بە پێی ناوەرۆکی میتافۆرەکە دەگەیەنن تاوەکو ئەم ڕێرەوە نوێیانە (کە میتافۆرەکان دروستیدەکەن) بەهێز و کاریگەربن و لە ڕێگەی زمانی یەکەمەوە زیاتر بگەیەنرێن و ساناییانەتر درکیانپێبکرێت، ئەوا پێگەی ئەو زمانە لە نەخشەی هزریدا بەرزدەبێتەوە و پێچەوانەکەشی ئەوە دەردەخات، کە پلەی ئەو زمانە لە سەرەولێژیدایە و ئەو هەســت و ســۆزەش، کە هەیەتــی یــان دەیگەیەنێــت لە هــزردا کەمدەبێتەوە.

**٣. زمانی خۆشەویستی:** ئەم بەڵگەیە پەیوەستە بە کرۆکی پرسیاری (ئایا هەندێک زانیاریی زمانی تەقینەوەی واتا و چەمکەکەی پەیوەست نییە بە سروشتی زمانەکە و ئەو ژینگەیەی تێیدا بەکاردەهێنرێت؟) بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی (خۆشەویستی) و دەربڕاوەکانی تر وابەستەی ئەو هێزەن، کە زمانەکە دەیبەخشێت بە قسەپێکەرەکانی و لە ئێستای زمانی کوردیدا هێشتا دەربڕینەکانی خۆشەویستی پارێزگارییان لە خۆیان کردووە لەبەرانبەر زمانی دووهەمدا، بەڵام کاریگەریی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نمایشی زنجیرەکانی کەناڵە بینراو بیستراوەکان تا ڕادەیەک دەیەوێت پایەی زمانەکە بلەرزێنێ ئەگەر چی دەبێت بەردەوام

پرسیاری ئەوە بکەین ئایا قسەپێکەری زمانی کوردی تا چەند هەست بە ئاسوودەیدەکات کاتێک دەیەوێت هەستەکانی خۆشەویستی بە زمانی دایکی دەرببڕێت؟، چونکە ئەو زمانەی یەکەمجار پێی فێردەبین و زمانمان پێیدەپژێت هەستێکی قووڵ هەڵدەگرێت و لایەنی سۆزداریی بەهێزە، بەڵام هاوردەکردنی کلتوری و زمانیی ڕەنگە شوێنپێی زمانی دایک بسڕێتەوە و لەبری وشەکانی زمانی یەکەم وشەکانی زمانی دووهەم وەک گەیەنەرێکی بەهێزتری سۆز و خۆشەویستی بەکاربهێنرێت.

٤. **بەکارهێنانی لە بواری فێربووندا:** بە پێی (دیویل و دیگنەر) (٢٠١١)DEWAELE , DEGNER سەرەتاکانی زمان هەروەک سۆز لەیەک کاتدا گەشەدەکەن، هەر بۆیە ئەو وشانەی لە سەرەتادا فێریان دەبین زیاتر بەپێرەوی مێشکەوە دەبەسترێنەوە لەگەڵ ئەمەشدا زمانی دووهەم دەتوانێ سۆزداربێت بە تایبەت ئەگەر زۆر بەکاربهێنرێت، نرخی پێبدرێت و لە پرۆسەی پەروەردەکردندا باڵا بکرێت، بۆ ئەمەش زمانی کوردی لە ئێستادا ڕووبەڕووی قەیرانێکی ڕاستەقینە دەبێتەوە، ئەگەرچی هێشتا بە شێوەیەکی ڕەها لە بواری فێرکردن و پەروەردەدا لانەبراوە، بەڵام زۆر لە پێگەکەی کەمکراوەتەوە و قوتابیانیش ئەو سۆزە قووڵەیان بۆی نەماوە بەڵکو وەک بابەتێکی سەربار و ناپێویست لێیدەڕوانن و بەمەش لە پلەی زمانی دایکەوە بۆ پلەی پەنابەرێکی نەویستراو دابەزێنراوە، بە تایبەت کاتێک زمانی دووهەم لە نێو پۆل و لە دەرەوەی پۆلدا بەکاربهێنرێت بۆ نموونە قوتابیان و خوێندکاران چەندین ڕستەی لەم شێوەیە دەردەبڕن:

أ. کوردی بۆ بخوێنین؟

ب. کوردی زیادەیە، ئەوەنییە ئەزانین قسەی پێبکەین.

ج. کوردیمان بۆ چییە؟

ڕستەکانی (١،٢،٣) دونیابینی و سۆزی ئەو خوێندکارانە لە یادگەی کەسییاندا دەردەخات و ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە کاتێک بە تەرزێکی ئاخاوتنەوە پەیوەستدەبین (وەک زمانی ئینگلیزی) ئەوا دەبێت ئێمە پێشتر نموونەی زۆرمان لەسەری وەرگرتبێت و بە شێوەیەک، کە لە ڕووی سایکۆلۆجیشەوە پەیوەست ببین پێوەی و هەر ئەمەشە جۆرێک لە ئالوودەبوون بە زمانی دووهەمەوە، بڕێکی زۆریش لە هەڵچوونە سۆزییە ئەرێنییەکان لەگەڵ خۆیدا بۆ زمانی دووهەم دەهێنێت و بە شێوەیەکی لەخۆوەیش بەها و سۆزی ئەرێنی بۆ زمانی دایک کەمدەبێتەوە.

## ٣-٢- مۆدێلی جێپێ و ناسنامەی زمانی دایک لە پەیکاڵبوونی یادگەی پچڕپچڕ و دەسەڵاتی سۆزدا

جێپێی پچڕپچڕ یان کتوپڕی پەیکاڵترین و پەسەندترین تیۆرییە بۆ لێکدانەوەی چۆنێتیی جێگیرکردنی ئەزموونەکان لە ناو یادگەدا و بەتایبەت یادگەی پچڕپچڕ و سەرهەڵدانەکەی لە سایکۆلۆجیای درکپێکردنەوەیە لەلایەن شیفرین و ڕایجمارکەرسەوە Raaijmarkers & Shiffrrin (1992) و دواتر لە کایەی زانستی زمانی دەروونییدا سوودی لێوەرگیراوە و ئەوەیان خستووەتەڕوو، کە هەموو ئەزموونێک جێپێیەکی پچڕپچڕ و تایبەت لە یادگەدا بەجێدەهێڵێت.

بەپێی تێڕوانینی میکولانین (Mikkulainen,R, 1992: 273-282) یادگەی پچڕپچڕ لەسەر چەند مۆدێلێک دیاریکراوە و پشت بە تایبەتییەکانی پۆلکردنی نەخشەی هزری و چۆنێتی پیشاندانی داتاکان لە ڕێگایەوە دەبەستێت، بەم پێیە یادگەکە وەک جێپێیەکی شوێنی دیاریدەکرێت وەک ئەوەی دەشێت بەشێوەیەکی پچڕپچڕ لەیەک نواندندا

هەڵگیرابێت و لەکاتی بەدەستهێنانەوەشیدا بەهۆی هۆکاری جۆراوجۆر و جیـــاوە بیـــربێتەوە، بەمەش هەنـــدێک لە جێپـــێ نوێیەکـــان ئاســـانتر دەبەســترێنەوە، چــونکە وەک زانیــاری و جێپێــی نمــوونەیی و بێــوێنە لە یادگەدا هەڵدەگیرێن.

ئەم مــۆدێلە پێیــوایە و گریمـــانەی ئەوە دەکـــات، کە وردەکـــاریی پەیپێبــردن و ئەزموونەکــان لە یادگەکانــدا هەڵــدەگیرێن و بە شــێوەیەکی تەواوکەریانە بەکاردەهێنرێن بۆ پەیپێبردنی ئەزمـوونی داهـاتوو هەروەهـا پێشــنیازی ئەوەی کــردووە، کە هەر ئەزموونێــک وەک کەرەســـتەیەکی پۆلکراو هەڵدەگیرێت و هەر کاتێک ئاماژەیەک دەبێت ئەژماربکرێت هەمـوو جێپێــی یادگەکــان چالاکــدەبنەوە وەک کرۆکێــک بــۆ ئەو ئامــاژەیەی کە دەیەوێت هەژماربکرێت، بۆ نمـوونە کۆکراوەی هەمـوو جێپێکان دەنێرێت بۆ یادگەی کارکەر لەوێشەوە بۆ یـادگەی درێژخایـان و ئەگەر وا گریمـانە بکەیــن، کە لە ئەنجــامی وروژێــنەرێکەوە (دەنگــدانەوەیەک)مان هەیە، کە پێشــتر هەڵگیــراوە و لە ئێســتادا دەیەوێــت لە یــادگەی درێژخـــایەنەوە بەدەســتبهێنرێتەوە، بیــربکەوێتەوە و هەژماربکرێــت، ئەو کــاتە دەشــێت خــودی دەنگــدانەوەکە شــتێکی تێــدابێت، کە لە وروژێــنەرە بنەڕەتیــیەکەدا (دەنگــدانەوەکە) نیــیە وەک بــوونی ئەزموونێــک، کە لەوەو پــێش لەگەڵ چەشـــنە دەنگـــدانەوەیەکی وەهـــادا هەڵگیـــراوە، بەم شـــێوەیە هانـــدانی ئەزمــوونەکە لەگەڵ ســۆزە پێشــینەکان یەکــدەگرن، بەمەش یــادەوەرییە پچڕپچڕەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر بـابەت و ئەزموونە تایبەتەکان و کاردانەوە سۆزدارییەکان و مەرجیش نییە ئەم چالاکبوونەوانەی جێپێکان بە شێوەیەکی ئاگایانە بێت، بەڵکو هەندێکجار بە شێوەیەکی نائاگایانە و لە ڕێـگەی نەسـتەوە دەبێـت - لەمەشـەوە زمـانی دایـک زۆربەی یەکەکـانی هەڵگری ئەزمـوونی تـایبەتن (وەک کەی یەکەم جار تاکێک وشـەی دایە و بابە فێربووە یاخود کەی یەکەمجار ئەم تاکە وشـەی (خۆشـم دەوێیت)ی

بەکارهێنـاوە، کەی توانیـوویەتی وشـەی (ڕقلێبوونەوەکـان)ی بە زمـانێکی پـــاراو دەرببڕێـــت ... هتـــد و کاتێـــک جێپـــێکەی کەلـــدەکرێت خـــودی ئەزموونەکانە هەڵگیراوەکانیش لەگەڵیدا دەشێوێن.

تێوری جێپێی پچڕاو وردەکارییە ڕووکەشییەکانی کەرەستەکانیش هەڵدەگرێت، بۆ نموونە وردەکاری لە دەنگدا (وەک ئاواز، جەختکردن، تۆخکردنەوە، زیقەی دەنگ ...هتد) و تەنانەت وێنە و شێوەی دەموچاو لە یادگەی درێژخایاندا هەڵدەگیرێن، ئەم تێبینییە بۆ پەیوەندی و دەسەڵاتی زمـانی دایـک و زمـانی دووهەمـیش ڕاسـتە، چـونکە کاتێـک دارشـتە فەرهەنگییەکـان ئامـادەدەکرێن ئەوەش دیاریـدەکرێت، کە بە چ زمانێـک ئەزمـوونە بنەڕەتیـیەکە کـراوە هەربـۆیە بانگکردنەوەکەشـی بەو زمـانە گونجاوتر دەبێت و تولڤینگ و تۆماس (١٩٧٣) Tulving& Thomas پێیـان وایە کە زانیـاریی زمـانی بە زانیـاریی دەوروبەری زمـانییەوە هەڵدەگیرێت بەمەش (نێوەندێتی , Centrality) پێدەبەخشرێت لە یادگەی کەسیدا.


لە هزردا هەموو وشەیەک، کە چالاکدەکرێتەوە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ چەندین جێپێی تردا و نێوەندێتی و پتەوی پەیوەندییەکانیش وابەستەی ڕەوانی و ئەزموونبەندی تاکە بەو زمانەی، کە شارەزایە لێی بە تایبەت ئەگەر ئەو شـارەزاییە لە زمـانی دایکـدا بێـت، بەمەش وشـەکانی زمـانی دووهەم کەمتـــرین هەســـت و ســـۆز دەوروژێـــنن، چـــونکە کەمتـــرین ئەزموونیـان تێداکراوە، هەربۆیە (پۆنتۆنی و دیلانگ و ڤان ئۆسیلار) Puntoni, DeLanghe &Van Osselaer (2009) پەیوەندی جێپێکـان و بـڕی سـۆزی دەسـەڵاتدار لە هـزردا لەسـەر سـێ بنەمـا دادەڕێژن:

أ. لێکچوونی جێپێکان Similarity to Episodic Trace

ب. ژمارەی جێپێی پچڕاو Number of Episodic Trace

ج. نواندنی فەرهەنگی Lexical Representation

ئەم بنەمایانەش وەک مۆدێلی هەرەمی کاردەکەن، کە بە هۆیانەوە پێگەی زمانی دایک وەک زمانێکی پەرەپێدراو، کە تاک تێیدا خاوەنی شارەزاییە بەرزدەبێتەوە و وشەکانی زمانی دووهەم پەیوەندیان بەهێزتر دەکەن بە وشەکانی زمانی دایکەوە بۆئەوەی باشتر تێگەیەنراوبن و بیربێنەوە، بەمپێیە وشەکانی زمانی یەکەم لە کاتی بەدەستهێنانەوە و لێتێگەیشتنیاندا زنجیرەیەک تەقینەوەی یەک لە دواییەکی جێپێکان دروستدەکەن، کە تێیدا ئەزموونە کەسییەکان ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە بەستنەوەیان بەیەکەوە و لە هەمان کاتیشدا تێگەیشتنی سانایانە لەسەر بابەتەکان دروستدەبن بۆ نموونە ئێمە کاتێک سەیری نمایشێک دەکەین وشەکانی زمانی دووهەم وەردەگێڕینە سەر زمانی دایک (کاتێک دەقی نمایشەکە بە زمانی دووهەمە)، بەڵام زۆر بە دەگمەن بە پێچەوانەوە ئەو کارە دەکەین (کاتێک سەیری نمایشێک دەکەین بە زمانی دووهەمە، بەڵام گوێمان لە دەنگەکەی نییە)، بە واتایەکی تر کاتێک سیگناڵ و هێما دەنگییەکانی نمایشەکە بە ڕوونی پێمانناگات هەوڵ نادەین دەقی نێوان نمایشکارەکان بکەینەوە بە زمانی دووهەم و پاشان وەریانبگێڕین، بەڵکو ڕاستەوخۆ هەوڵی تێگەیشتنی دەدەین بە زمانە یەکەمییەکەمان، چونکە ئێمە لە پرۆسەی تێگەیشتندا هەوڵی دۆزینەوە و ناسینەوەی چەمکەکان دەدەین لە ڕێگەی کۆدەکانەوە واتە کۆدەکان کاتێک نرخ وەردەگرن، کە چەمک بە ڕوونی بگەیەنن (لێرەدا مەبەست لە زمانی دایک، زمانی کوردییە) دەتوانین لەهێڵکاریی(٢)دا ئەم ڕاستییە بخەینەڕوو:




هێلکاری (٢)

)ەوە وەرگیراوەPuntoni, DeLanghe &Van Osselaer،
(2009لە

وەک لە هێڵکاریی (٢)دا دەبینرێت گرنگی بە کۆمپیتەرکردنی (ئەژمارەی) یادگەکە دراوە و لێکدانەوەی درکپێکردنانەش تێیدا هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتییە لەوانە:

١. بەدەستهێنانەوە و هەڵگرتن پشت بە پرۆسە جێکەوتەییەکان دەبەستێت (local processing)

٢. بابەتەکان بە شێوەی پچڕاو و خاوەن تایبەتی لە یەک شوێندا هەڵدەگیرێن.

بۆ نموونە

**٤- هەرگیز نەمدەزانی تۆ هێندە بوغزن [کیناوی]یت.**

لە ڕستەی (٤)دا پرۆسەی جێکەوتەی (بوغزن) بە جێکەوتەی (کین) بە هەستی نەرێنییەوە لە یادگەی پچڕپچڕدا هەڵگیراوە و بەو وشانەشەوە دەبەسترێتەوە، کە لە ئەزموونی تایبەتی تاک بۆ ئەو جۆرە هەستە دەبەسترێتەوە.

بەم پێیە یادگەی پچڕپچڕ بۆ گێڕانەوەی زانیارییەک پێویستی بە جۆرەها سکرپتی چیرۆکی هەیە، کە یەکەکان تێیدا وەڵامدانەوەیان بۆ ڕێچکەی چیرۆکە گونجاوەکە دەبێت واتا سکرپت جۆری هێنانەوەی زانیاری دەگۆڕێت بۆ نموونە:

**٥- أ. دوێنێ لە پەرلەمان بووم و سەرۆک کۆمارم بینی.**

**ب. دوێنێ لە تی ڤی سەرۆک کۆمارم بینی.**

**پ. دوێنێ لە گەڕەکی خۆمان سەرۆک کۆمارم دەبینی دەسوڕایەوە.**

لە ڕستەکانی (٥ .أ . ب. پ) دا هەر یەکێکیان بە پێی بەخشینی زانیارییەکان لە ڕێگەی وشەکانەوە سێ جۆر سکرپتی جیاواز دروستکراون، کە هەریەکەیان جۆری زانیاری لەبارەی کەسایەتی (سەرۆک کۆمار) دەردەخەن و جۆری تێڕوانینی گوێگریش بەرانبەر کەسایەتی (سەرۆک کۆمار) دیاریدەکەن و ئەو هەستەش دەردەخەن، کە هەردوو قسەکەر و گوێگر دەیانبێت بەرانبەر (سەرۆک کۆمار)، بۆ نموونە دەشێت تێڕوانینێکی لوژیکیانە بێت یاخود تەنز ئامێز بێت.

بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان وابەستەی کۆمەڵیک وەچەپرۆسە دەبن لەوانە:

١. لە رێگەی ئەژمارکردنێکی ناوەکیی جێکەوتەییەوە بەدەستهێنراوەکان ڕوودەدەن و تەرزی ڕێکخستنی زانیارییەکان لە شێوەی بازنەیدا هەڵدەگیرێن، کە دەتوانن خۆیان بە پێی کات دووبارە بکەنەوە و بۆ دەرکەوتن و دووبارەبوونەوەشیان پێویستییان بە بڕیاردانێکی بچوک دەبێت لە ناو تۆڕە هەڵبژێراوەکەدا.

**٦- أ. ئەو کەوت**

**ب . ئەو لە قاچ کەوت.**

**پ . ئەو لە سەربان کەوتە خوارەوە.**

**ت . ئەو لە یاریەکەدا کەوت.( مەبەست یاری ئەلەکترۆنییە)**

**٧- أ . ئەو دۆڕاندی.**

**ب . ئەو کەوت.**

**پ . گەیم ئۆڤەر بوو.**

لە ڕستەکانی (٦. ا. ب. پ) دا لە ڕێگەی ئەژمارکردنێکی ناوەکییەوە کرداری (کەوت) بەکارهاتووە و هەر ئەو جێکەوتانەشی، کە بۆی هەڵبژێراوە پێویستی بە بڕیاردانێک هەبووە بۆ ئەوەی گونجاو و شیاوی بکات لەکاتێکدا بەکارهێنانی کرداری (دۆڕاندی) لە بری (کەوت) لە ڕستەی (٧. أ)دا جۆرێکی ترە لە بڕیاردانی هەژمارەیدا و شێوە بازنەی دووبارەبوونەوەکەی گۆڕیوە بە ئاڕاستەی زانیارییەکی تردا کە (دۆڕاندنە)

هەرچەند بە کارهێنانی (گەیم ئۆڤەر)یشە تێپەڕاندنی بازنە شیاوەکانی زمانی دایکە بۆ زمانی دووهەم و بە ڕادەیەک وەها دەردەکەوێت، کە لەگەڵ دیاردەکەدا ئەم دەستەواژەیە شیاوتر بێت بۆ دووبارەبوونەوە لەو جێکەوتەیەدا، کە پێویستی بە واتای (کەوتن)ە لە یارییەکی ئەلەکترۆنیدا، زۆربوونی ئەم چەشنە بازنە دووبارەبووانەی زمانی دووهەم لە یادگەی پچڕپچڕدا گرفت بۆ زمانی دایک دروستدەکات، چونکە دەبنە هۆی بێهێزکردنی بازنە دووبارەبووەکان و تۆڕە پەیوەندییەکانی نێو زمانی دایک و لە بەرانبەریشدا بەهێزبوونی بازنەکە دووبارەبووەکان و بە نێوەندبوونی زمانی دووهەم.

٢. (هاوشێوەیبوون)ی تۆڕە بە دوایەکداهاتووەکان لە بەدەستهێنانەوە و هەڵگرتنی زانیارییەکاندا گرنگن، چونکە هەموو تۆڕێک پەیوەندداره و بە دوای هاوشێوە ڕاستەکەیدا لەناو هەموو تەرزە ئامادەکراوەکاندا دەگەڕێت و ڕەنگە گشتوەگیرییەکەش بکرێت بۆ هەموو ئەو تەرزانەی لە شێوەی تەرزە داواکراوەکەن بۆ نموونە:

**٨- أ. نان بکرە.**

**ب . باشە**

**پ . بەسەرچاو**

**ت . بەڵێ، باش**

**ج .O.K**


لە ڕستەکانی (٨. أ، ب، پ، ت)دا هەموو زانیارییە تۆڕییە هاوشێوەکان چالاککراونەتەوە گشتوەگیرییەکیش کراوە بۆ هەڵبژاردنی تەرزی هاوشێوە

وەک (بەڵێ، باش، باشە، بەسەرچاو)، بەڵام بەهێزی تەرزی (O.K) لە زمانی دووهەمەوە لە ڕووی هاوشێوە بوون و خێرای خۆبەدەستەوەدانی بۆ وەڵامدانەوە وایکردووە زۆر چالاکانەتر گەڕان بە دوای تەرزە هاوشێوەکاندا بوەستێنێت و پرۆسەی بەدەستهێنانەوەکەش سەرکەوتوو بکات، چونکە لە جێپێی یادگەی پچڕپچڕدا سوود لە چەندجارەی ڕوودانی زانیارییەکە، دابەشبوونی شوێنەکەی و چەندێتیی جوڵەی یەکەکە وەردەگیرێت بۆ ئەوەی بە خێرایی یەکەکان پرۆسە بکرێن هەربۆ ئەمەشە لەم خاڵەدا پشت بە تیۆرییەکەی بۆڵتزمان Boltzmann دەبەسترێت، کە پێی وایە (وزەی یەکەکان پشت بە هێز، بارستای و خێرای تەنەکان) دەبەستن لەمەشەوە ڕێگەدان بە یەکە و زانیارییەکانی زمانی دووهەم تا ببنە تەرزی هاوشێوە و ئامادە لە ڕووی (هێز، بارستای و خێرایی)ەوە زیان بە تەرزەکانی زمانی دایک دەگەیەنێت.


٣. هەموو تەرزێک بۆئەوەی هەڵبگیرێت پێویستی بەوەیە لە شوێنێکی دەستپێداگەیشتوودا لە مۆدێلی جێکەوتەی فێربووندا هەڵبگیرێت و هەموو گەنج_هەڵگرتنێک دەبێت لە کاتێکی گونجاودا بێت بۆ ئەمەش پێویستە تەرز و یەکەکان کۆڵەکەدار بن بۆ ئەوەی بە ئاسانی ببەسترێنەوە هەر یەکەیەکی نوێش کۆڵەکەدار نەبوو لە نواندنەکەیدا ئەوا هەوڵدەدرێت لە جێپێی تەرزەکانی پێشوودا پەیوەندی بۆ دیاریبکرێت و پاشان جێپێی یەکە کۆنەکان دەسڕێتەوە و جێپێ نوێیەکە شوێنی دەگرێتەوە:

**٩ . أ. لە پۆلی دووەکان وانەم هەیە.**

**ب . لە کلاسی دووەکان وانەم هەیە .**



خوێندن به زمانی دایک



خوێندن به زمانی دووهەم

هێڵکاریی (٣)

له هێڵکاریی (٣) دا کۆگای پچڕپچڕ و ناکاویی تەرزە کۆڵەکەنەدارەکان (خاوەنی بەند نین) له مۆدێلی جێکەوتەی فێربووندا نابەرجەستەن، چونکه ئەوان جێپێی بابەتەکان لەسەرجەمی یادگەدا دەشێوێنن بەمەش تێکچڕژانی ئاخاوتنی به شێوەیەکی گشتی ناتوانرێت تێبپەڕێنرێت وەک له بەکارهێنانی وشەی (کلاس)دا له نموونەی (٩. أ) دا دەبینیرێت ئەمەش بەو واتایە دێت، که هێز و خۆسەپاندنی زمانی دووهەم بەسەر زمانی دایکدا وا دەکات زانیارییەکان له زمانی دایکدا به شێوەیەکی تێکەڵاو بن و توانای دامەزراندن و کێبڕکێیەکی بەهێزیان نەبێت، چونکه پاش وەرگرتنی دەسەڵاتی نێوەندبوون و سۆز لەلایەن زانیارییەکانی زمانی دووهەمەوە زانیاری و یەکەکانی زمانی دایک کۆڵەکەدار نابن و پەشێوییان تێدەکەوێت وەک له ڕستەی (٩.ب)دا خراوەتەڕوو.

٤. فێربوون و هەڵگرتنی زانیارییەکان له یادگەی پچڕپچڕدا و به هۆی دەسەڵاتی سۆزەوە وابەستەی ئەو بنەما بایەلۆژییەیە، که هەیەتی بۆ ئەمەش گاردنەر و میدوین Gardner-Medwin مۆدێلێکیان خستووەتەڕوو به ناوی (هیپۆکامپال Hippocampal) که پەیوەندی به ئینگرامەکانەوە هەیە (یەکەی پێوانە له یادگەکاندا) و پێیان وایە جێپێکان له دەمارەخانەکاندان و هەرئەم تایبەتێتییەشە وادەکات چالاکانە پرۆسە

بکـــرێن، چـــونکە تەرزی کـــارلێکردنی نێـــوان دەمارەخانەکـــان ڕێـــڕەوی گواســـتنەوەی زانیـــاریی و یادەوەرییەکـــان دیاریـــدەکات، بەواتـــایەکی تـــر گواســـتنەوەی زانیارییەکـــان بە هـــۆی کـــارلێکی کیمیـــایی دەمارەخانەکـــانەوە دەگۆڕێن، هەرئەمەشە پەیوەندی لە نێوان فێربوون و ماتەتوانستی یادگەی درێژخایاندا(Long-Term Potentiation. LTP) دروستدەکات.

٥. فێربـــوون لە یـــادگەی پچڕپچـــڕدا پێویســـتی بە وروژێـــنەر هەیە، ئەم وروژێـــنەرانەش زۆرن وەک (تـــۆڕە بەیەکـــداچووەکان، دەســـەڵاتی ســـۆز، چەنـــدێتیی کۆڵەکەکـــان، ...هتـــد) و زۆریـــی ئەم وروژێـــنەرانەش وادەکـــات جێپێکان وەک دەزگایەکی پێکەوەیی کاربکەن، دواجاریش وایانلێدێت بەهێز بـــن، بە پێچەوانەشـــەوە ئەگەر کەمهێـــزبن ئەوا زانیارییەکەشـــیان یەک ڕێچکەی دەبێت و بەس نابێت بۆ هاندانی فێربوون، بەواتایەکی تر هێما و ئامـــاژەیەکی بەهێـــز ئاڕاســـتەکانی خـــۆی دەگۆڕێـــت بەمەش فێربـــوونی پەرشـــدەکاتەوە بەســـەر چەنـــدین ڕێچـــکە و جێپێـــدا، کە وایلێـــدەکەن بەدەستهێنانەوەیان ئاسـان بێت، پەیوەسـت بە زمـانی دایکیشـەوە کاتێک هێمـا و ئاماژەکـانی بەهێـز نـابن بـۆ ئەوەی دیاردەکـان بگـرنەوە و زمـانی دووهەم دەتوانێـت ئەم لاوازیـیەی جێپێکـانی زمـانی دایـک بـۆ خـۆی وەربگرێت و دەمارەخانەکان هانبدات بۆ دروستکردنی تەرزی نوێ، کە ئەم تەرزە نوێیانە سەر بە زمانی دووهەمن، بڕوانە هێڵکاریی (٤)

**هاندان و بزواندن لە ڕێگەی سۆز و تۆڕی پێکداچوو**

تەرزی پێشینەی زمانی دایک ← کارکردنی چالاکانەی دەمارەخانەکان

**هاندان و بزواندن لە ڕێگەی سۆز و تۆڕی پێکداچوو**

سوودلێبینین لە تەرزی پێشینەی زمانی دایک ← کارکردنی چالاکانەی دەمارەخانەکان پێکەوەبەستنیان

لەلایەن زمانی دووهەمەوە

١. ئاڵوگۆڕکردنی هێما و ئاماژەکانی زمانی دووهەم زیاددەکات

٢. تەوژمی تێکردەکانی زمانی دووهەمیش زیاددەکات

هێلکاری (٤)

ئەوەی لە هێڵکـــاریی (٤) دا ڕوونـــدەبێتەوە ئەوەیە، کە هەمـــوو زانیـاریيەکی نـوێی تـازە هەڵگیـراوی زمـانی دووهەم سـوود لە تـۆڕە پێشینەکانی زمانی دایک وەردەگرێت و پاشـان دەبەسترێتەوە و سۆراخی بەدوادەکرێـــت لە ڕێـــگەی کێشـــی پێـــوانەی تۆڕەکـــانی زانیـــاریی و دەمارەخانەکانەوە و هەر زانیارییەک شوێن و جێپێی خۆی بەهێز دەکات لە ڕێگای دانانی بەها و دیاریکردنی شێوەی (سەرەکی/ لاوەکی) بوونی تـۆڕەکەی لە کـاتی هەڵگرتنـدا هەرلەبەر ئەمەشـە جێپێکـان لە شـێوەی نەخشەیەکدا دەردەکەون و هەموو زانیارییەک لەسەر نەخشە هزرییەکەی بەرانـبەر تێکـردەیەک دەوەسـتێتەوە و ئەو بۆشـاییانەی، کە لە نێـوان تێکردەیەک و تێکردەیەکی تردا دروست دەبێت لەسەر مەودا و پێڕەوی کەمبەهـــای تێکـــردەکە لەلای قســـەپێکەران و گـــوێگرانی زمـــانەکەوە دیاریدەکرێت لەمەشەوە نەخشەی جێپێکان هەڵگری کۆمەڵێ تایبەتی دەبن لەوانە:

١. جێپێکانی یادگە لە جێکەوتەی تایبەتی مێشکدا دروستدەکرێن.

٢. جێپێکان لە داڕشتەیەکی تەنهادا دروستدەکرێن بەبێ کۆزانیاری و بەبــێ چـــالاککردنەوەی جێپێــی داهـــاتوو، لە پرۆســـەکانی دواتـــردا بەم بونیادانەوە دەبەسترێنەوە.

٣. پێکداچوون و کارلێکردنی جێپێ نزیکەکان بەهۆی ئەگەرەکانی یادگە و ئاماژەکانی ڕەفتارەوە دیاریدەکرێ بەو واتایەی کاتێک زمانی دووهەم گرنگییەکەی زیاددەکات جێپێی نزیک داگیردەکات و بەمەش ئەگەری بەدەستهێنانەوەی لە جێپێکانی زمانی دایک زیاتر دەبێت و لەمەشەوە کۆدگۆڕینەوە و دیاردە هاوشێوەکانی ڕوودەدەن و لەکاتی ڕەچاونەکردنی ڕێژەی گۆڕینەوەکان زمانی دایک ڕووبەڕووی پەراوێزخستن دەبێتەوە و ناسنامەکەی لەدەستدەدات، چونکە جێپێ نوێیەکان ئاسانتر بیردەکەونەوە و دەسەڵاتی سۆزیش بەهێزتر و پڕ بەهایان دەکات هەربۆیە زانیاریی کۆن (زانیارییەکانی زمانی دایک، کە لەماڵەوە بەکاردێت) پشتگوێ دەخرێن لەبەرانبەر زانیارییە نوێکاندا (زانیارییەکانی زمانی دووهەم لە قوتابخانە) لەبەرئەوەی بەدەستهێنانەوەی زانیاریی نوێ ئاسانتر و ناوازەترە لە ئەنجامیشدا جێپێکان لە ڕێگەی (دەسەڵاتی سۆز، پێڕەوی کەمبەهای و کۆنی و نوێی زانیارییەکانەوە) دیاریدەکرێت.

٤. زیان بەرکەوتنی تۆڕە پەیوەندییەکان ڕێکخستنەوەی بیرکردنەوەکان و پۆلکردنەکانیان دەگۆڕێت بەمەش تاکێک لەبری ئەوەی بە کوردی بیر بکاتەوە لە ڕێگەی زمانی دووهەمەوە بە بیرکردنەوەکانی ئەویش بیردەکاتەوە.

٥. هەمیشە بەهای زانیارییەکان بەپێی پێڕەوی کەمبەهای کاریگەری لەسەر لێشاوی یەکەکان هەیە.

٦. زانیاریە هاوشێوەکان، کە مەودای نواندنیان لەیەکدەچێت لەلایەن یادگەوە سنووردراردەکرێن و یەکێکیان بەپێی بەرزی بەهاکەی دەمێنێتەوە.

له ڕاستیدا خۆگونجاندنی جێپێکان وەڵامدانەوەی بۆ تێکردەکان دیاریــدەکات، چــونکە ئەم وەڵامــدانەوەیە بــڕی ئامــادەبوونی جێپێکــان دیاریدەکات بۆیە کاتێک زمانی دووهەم لە واقعی ئێستای زمانی کوردیدا دەکرێت بە زمـانی فێربـوون و دەسـەڵاتی سـۆز دەدرێـتە دەسـت زمـانی دووهەم لە ئاکامــدا جێپێکــان لە یــادگەی پچڕپچــڕدا سروشــتی پــێکەوە بەســتنەکانیان دەگۆڕێــت و بەڕادەیەک نــزیکیش دەبــنەوە لە ســڕینەوە و جێگەگــرتنەوە لەلایەن زانیــارییە زمانییەکــانی زمــانی دووهەم، لە ژێــر ڕۆشــنای ئەمەشــدا دەتــوانین بڵێــین بڕیــاردان بە پێــدانی بەهــای زمــانی فێربوون بە زمانی دوهەم دەمانگەیەنێتە کۆمەڵێک لێکەوتە لەوانە:

١. پارامیتەرەکــانی زمــانی دووهەم ژمــارەیەکی زۆریــان دەبــنە جێبەجێکاری تـایبەتی جێپێکان لە نەخشـەی ئاوەزیـدا بەمەش وەک یەکەی جێبەجێکــار پۆلــدەکرێن و نرخــی پــۆلێن و جێبەجێکردنــی زمــانی دایــک لێیدەدرێت.

٢. هەر یەکەیەکـــی زمـــانی دووهەم، کە بـــووەتە تێکـــردەیەک لە ســاتەوەختی خۆیـدا دەناسـرێتەوە و وێـنەی یەکەکەشـی بـۆ دیاریـدەکرێت ئەمەش وادەکـات زمـانی دووهەم وەک مۆدولێک لێیبڕوانرێـت بـۆ هەمـوو پەیپێبراوەکان.

٣. نەخشــەی جێپێکانی زمـانی دووهەم بەردەوام دەبێت بەشـێوەیەک بە تەنهـا بە یەکەیەکی زمـانی و ئـاوەزییەوە ناوەسـتێت بەڵکو بە چەنـدین کەرەسـتەی تـری زمانیـدا بڵاودەبێـتەوە و زۆر بە ئەسـتەم زمـانی دایـک دەتوانێــت کێومــاڵی بەســەر دیاردەکانــدا بکــات یــان تــێکەڵ ببێــت بە کەرەستەکانی زمانی دووهەم.

٤. کۆمەڵێک کەرەستە لە هەمانکاتدا لە زمانی دووهەمدا لە نەخشە هـزرییەکەدا چالاکـدەبن نەک تەنهـا ئەمە بەڵکـو کەرەسـتە لەبرییەکـان (ئەلتەرناتیڤەکان) ی زمانی دووهەمیش چالاکدەبن و بەمەش زمانی دایک تـــۆڕی نێوەنـــدبوونی خـــۆی لەدەســـتدەدات و کەرەســـتەکانی وەک جەسـتەیەکی نامۆیـان لێـدێت، کە هەنـدێکجار لە بەکارهێنانـدا تەمـومژی بەدوای خۆیاندا دەهێنن، بۆ نموونە وشـەی (تووتڕک) لەلای کەسێک، کە زمـانی دووهەم دەســەڵاتی وەرگرتـووە بەسـەر زمـای دایکیـدا جۆرێـک تەمومژی پێبەخشـیووە کە تەنها وشـەیەکی (تەلەگرافی) دووبارەدەکاتەوە بەبـێ ئەوەی لێیتێبگـات و بەمەش وشـەیەکی نـامۆی واتـا تەمـومژاوی بەکارهێناوە.

**١٠- أ. دایکم ئەڵێت نازانم ناوێکە پێی ئەڵێن تووتڕک**

**ب . تووتڕک، ئەزانم مەبەستی چییە.**

٥. پرۆسـەی خودڕێکخسـتن لەژێر چاودێریدا نییە تـاوەکو گریمـانەی داتاکـان بکـات، کە چـۆن لە هـزردا هەڵبگیـرێن و دابەشـببن بەڵکـو بە شـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی و لەژێـر دەسـەڵاتی سـۆزدا (سـۆز بـۆ چەشـنێک زمان و یەکەکانی) دەناسرێنەوە و ڕێکدەخرێن.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


- ئاڤێستا کەمال مەحموود، ٢٠١٢، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا. بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

- شاخەوان جەلال فەرەج و ئاڤێستا کەمال مەحموود، (٢٠١٣)، (ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووهەم)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژ.٤٣، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.


### سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


- Ackerman, B.P. & Izard, C.E. (2004).Emotion cognition in children and adolescents: introduction to the special issue. Journal of experimental. psychology, 89, 271-275.

- Anooshian ,L.J.and Hertel , P.T.( 1994) Emotionality in free Recall : language Specifcity in Billingual Memory .

- Conway, M. A., & Pleydell-Pearce, C. W. (2000). The construction of autobiographical memories in the self-memory system. Psychological Review, 107, 261–288

- Dewaele J.-M. (2010). Emotions in Multiple Languages. London: Palgrave Macmillan

- Harris , C. ( 2014) . Emotionality differences between a native foreign language :theoretical implication . frontiers in psychology . vol 5

- Harris, C. L., Aycicegi, A., & Gleason, J. B. (2003). Taboo words and reprimands elicit greater autonomic reactivity in a first language than in a second language. Applied Psycholinguistics, 24(04), 561-579.
- Loftus, E. F. (1997). Creating false memories. Scientific American, 277,70–75.
- Mikkulainen , R. (1992) . Biological cybernetics Trace feature map : A model of episodic associative memory . Springer link . vol.66. Issue . 3 . pp 73 – 282.
- Miikkulainen, R. ( 1993). Subsymbolic natural language processing: An integrated model of scripts, lexicon, and memory. MIT press.
- NoboOhta, B.and Siegenthaler ,A. ( 2006). Interdisciplinary Perceptives.Black well.
- Puntoni, S , de Langhe, B. and van Osselaer, S. (2009), “Bilingualism and the Emotional Intensity of Advertising Language,” Journal of Consumer Research, 35, 1012-1025.
- Tulving , E.( 1993) . Psychological Science (What is Episodic memory )vol. 2 . N.3.
- Robinson , J. & Sawanson, K. (2011). Applied Cognitive psychology (Autobiographical memory the next phase ) .(S16-S31) published on line library ( Wiley on line library .com )
- Salmon, K., & Conroy, R.(2009). Commentary: Emotion and memory, clinical and forensic implications. In J Quas & R. Fivush (Eds.), Emotion and Memory in Development:

Biological, Cognitive, and Social Considerations. (pp.393-413). Oxford University Press.

- Tulving, E. 1972 Episodic and semantic memory. In E. Tulving & W. Donaldson (Eds.), Organization of memory. New York: Academic Press. Pp. 381-403.

- Tulving, E. (1993). Human memory. In P. Andersen, O. Hvalby, O. Paulsen, & B. Hokfelt (Eds), Memory concepts 1993: Basic and clinical aspects(pp. 27-45). Amsterdam: Elsevier.

- Tulving, E., & Thomson, D. M. (1973). Encoding specificity and retrieval processes in episodic memory. Psychological Review, 80(5), 352-373.

- Wessel,I. and Wright , D.B.( 2005). Emotional memory failures .

- Williams, H. L., Conway, M.A., & Cohen, G. (2008). Autobiographical Memory. In G. Cohen & M.A. Conway (eds.), Memory in the Real World (3rd Ed.) (pp. 21- 90). London: Psychology Press.

**مخلص**

ان هذا البحث ( دور آثار الذاكرة الخصوصية و هيمنة العاطفة في تحديد هوية لغة الأم ( اللغة الكوردية نموذجا)) يتناول اهم الاسباب التي تلعب دورا جذريا في تنمية و تغذية مكانة لغة الأم في فكر المستخدمين و ذلك عن طريق تنشأة المبادئ السامية عن اللغة في العقل و تلعب االمعالجات المعلوماتية دورا مهما في ترسيخ تلك المبادئ ولقد أُستخدم في التحاليل هذا البحث النظرية الآثارية التي يشرح كيفية تخزين المعلومات في الذاكرة و خاصة كيفية تعقب المعلومات الهامة و المستندة عليها اجتماعيا في الذاكرة الخصوصية في الانسان و يبين هذا البحث ان نوعية المعلومات الداخلة في هذة الذاكرة والتي يتم تطعيم اهميتها من قبل المجتمع يلعب ودورا هاما في تمركز الانتباه الى لغة الأم و توجيه هيمنة العاطفة اليها و ترسيخها في العقل .

**Abstract**

This research (Episodic memory's Trace and Emotional domain in identifying mother tongue Language identity) is analysis the impact of the personal information to identify the value of mother tongue in the mental because the innate information that attach emotions have more deep traces to retrieve. Strong emotion-memory effects language storage specifically when the speakers are bilinguals those emotions are controlling the accessibility to linguistic information in mind and language recalling are involve the episodic memory as it involve the other memories and storing emotional information about the mother tongue in that particular memory will following by many concrescence like the first language position will be more emotional and powerful, because it fits both the standards and storage .